ئیسلامگەرا



سەردەق

ئیخـوان موسـلمین لـە دروسـتبوونیەوە تاوەکـو ئەمـڕۆ، بـە گەلـێ هـەورازو نشـێو و ژینگـەی دژوارو سـانادا تێپەڕیـون، هێزێکـە دارای ئەزمونێکـی دورو درێـژە لـە خەباتـی شـاراوەو نهێنیـدا، ئـەم هێـزە لـە رووی نێونەتەوەییـەوە نـاسراوەو باشـترین چەکـی سیاسیشـی پێیـە، کـە چەکـی ئاینـە، هەربۆیـە لـەم کۆڵینەوەیـەدا بـەوردی شرۆڤـەو شـیکاری بوونـی ئیخـوان کـراوە، ئـەم بوونـەی کـە چلـۆن بووەتـە بازنـەی رادیکاڵـی تـەواوی تیرۆریسـتەکانی دنیـاو چۆنیـش وێنـای خـۆی لـە پێشـچاوی کۆڵـەر و زانسـتی و پسـپۆڕەکانی بـواری ئیسـلام ناسـیدا شـێواندووەو بەچەندیـن ڕەنـگ و بـە چەندیـن شـێوەو کـردەی جیـا لێنەویوە،هەروەهـا لـەم کۆڵینەوەیـەدا ئـەوە سـەلمێنراوە کـە بوونـی ئیخـوان لـە نێـو تـەواوی بەرگـە جیاجیاکانـدا بـۆ تەنهـا ئامانجێکـە.

ئیخـوان موسـلمین چـی دەکات؟ لەمیانـی دەسـەڵاتدارێتی ئۆبامـادا، ئـەوان وەك تەوژمێکـی میانـەڕەو لـە چـاو هێـزە ڕادیکاڵەکانـی دیکـەدا نومایـان بـوون. بۆنمونـە جیمـس کلێبـەر ی بەڕێوەبـەری هەواڵگریـی نیشـتیمانی ئەمەریـکا تـا ئەندازەیـەك بـە متمانـە بەخۆنەبوونـەوە وێنـای ئـەو گروپـەی بـە گروپێکـی شـێوە سـیکیولار دەچـوان1. لەوماوەیـەدا جـۆن ئیسـپۆتیتۆ لـە زانکـۆی جـۆرج تاونـدا ئـەوەی خسـتە ڕوو، کـە ئیخـوان موسـلمین سـەرچاوەی هێزگەلێکـی پەیوەسـتن و دارای جوڵانـەوەو پارتگەلێکـن کـە بوونەتـە هێـزی هێـوری و سـەقامگیریی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا2، بـەڵام بۆچوونـی دووەم لەمەڕ ئـەم هێـزە لـە نێودایـە، چـوون لەلایەکـی تـرەوە میرنشـینە یەکگرتووەکانـی عەرەبـی لـە 2014 بەفەرمـی ئیخـوان موسـلمین و هەمووگروپـە پەیوەسـتە نێونەتەوەییەکانـی سـەربە ئیخـوان ، تەنانـەت ئەنجومەنـی پێوەنییـە ئیسـلامییەکانی ئەمریکایـش، وەکـو گروپگەلێکـی تیرۆریسـتی نێونەتەوەیـی ناسـاند3. هـاوکات حکومەتـی بەریتانیـا ڕوانگـەی وەهایـە، کـە ئیخـوان و هاوکۆلکەکانـی دارای پێوەندییەکـی ئاڵـۆزو نـاڕوون بـە پەڕگیریـی و تووندوتیژییـەوە. ئیخـوان هـەم لـە ڕووی ئایدیۆلۆژییـەوەو هـەم لـە ڕووی ئـەو تـۆڕو پێوەندییانـەوە، کـە هەیەتـی بووەتـە پردێـك بـۆ پەڕینەوەی تاکـەکان و ئەندامەکانـی بـۆ دنیـای پەڕگیریـی و تووندڕەویـی4. هەربۆیـە لـەم دووایانـەدا سـیناتۆر تیـد کـڕوز و ماریـۆ دلارز هەسـتان بـە خسـتنە ڕووی یاسـایەك بـۆ دیاریکردنـی ئیخـوان موسـلمین وەکـو ڕێکخراوێکـی تیرۆریسـتی. لـە مانگـی دووی 2016 دا لیژنـەی دادوەریـی لـە ئەنجومەنـی نوێنەرانـی ئەمریـکان ڕەزامەندیـی دەربڕیـی لەسـەر پـڕۆژە یاسـایەك کـە تێیـدا وەزارەتـی دەرەوەی ئەمریـکا ئیخـوان وەك ڕێکخراوێکـی تیرۆریسـتی دەرەکیـی دەناسـێنێت، هەروەهـا لـە مانگـی شەشـی 2016 دا دیـو بـرات وەك نوێنەرێـك هەڵسـا بـە ناونانـی ئیخـوان بـە دوژمنێـك لـە نێوخـۆی ئارامـی و ئاسایشـی وڵاتـدا، هـاوکات هۆشـداریی لەلایـەن وزارەتـی ناوخـۆوە درایـە هەمـوو ئـەو گـروپ و کـۆڕو کۆبوونـەوە وابەسـتانەی ئیخـوان لـە ئەمریـکادا، ئـەو هۆشـداریيە بـۆ ئـەوە بـوو نەبـادا لـەرووی دارای و هەماهەنگییـەوە لـە هاوکاریکردنـی ئیخوانـدا تێوەگلێـن5. پرسـیارەکە لێـرەدا ئەوەیـە کامـە ڕوانگـەی سـەرێ دروسـتن، ئایـا ڕوانگـەی دووەم لەجێیخۆیدایـە؟ ئیخـوان لـە چێبونییـەوە دارای ڕێکخسـتن و جوڵانەوەیەکی سـەربازی بـووەو بـۆ نێزیکـەی سەدەیەکیشـە لـە چەندیـن کـردەو کاری تیرۆریسـتیدا خۆیبینیوەتـەوە. لەهەمـوو سـۆنگەیەکەوە ئیخـوان کاریگەڕیـی بەسـەر چێبوونـی ڕێکخـراوە تیرۆریسـتییەکانی سـوننی مەزهەبەکانـەوە دیـارو بەرچـاوە، بۆنمونـە لـە دروسـتبونی قاعیـدە، جەماعـەی ئیسـلامی، حەمـاس و داعـش. هەمـوو ئـەو ڕێکخراوانـە بەرپـرس و دامەزرێنـەرو ئەندامـە کاراکانیـان یـان پێشـوو تـر ئیخـوان بـون، یاخـۆ لـە ئێستەیشـدا هـەر ئیخوانـن یاخـۆ لەژێـر هەژمـوون و ئەدەبیاتـی تیۆریسـت و باوەڕەکانـی ئیخوانـدا هاتونەتە پێشـێ. بەپێچەوانـەی ئـەو پڕوپاگەندەیـەی کـە ئیخوانییـەکان ڕووبـە خۆرئـاوا دەیکـەن، ئـەوان نـە تەنهـا لـە ڕابـردوودا دەسـتیان لـە تووندوتیژییـدا هەبـووە، بەڵکـو لـە ئێستەیشـدا لـەو زەمینـەی تووندوتیژیـی و ڕادیکاڵییـەدا کەشـێکی بەهارییـن.

پێشینەی مێژوویی

حەسەن بەنا (1906_1949) دامەزرێنەری ئیخوان موسلمینە لە ساڵی 1928 دا . ئەو لەسەرەتادا مامۆستای خوێندنگەو هەندێك کاتیش وەك سەعاتچییەك لە شاروچکەیەکی گچکەی باکوری قاهیرەدا مژوڵی کار بوو. ئەو لە خێزانێکی وابەستە بە ئایندارییو لەسەر رێچکان و رەوگەی حەنەفییەکان بارهات، ئەو باوەڕانەی کە زیاتر لەنێو وەهابی و سەلەفییەکاندا رەواجیان هەبوو6. بەنا هەر لەتەمەنی جەوانیدا دەچوونە نێو ئەو گروپانەوە کە نیازی ئازارو ئەزییەتی مەسیحی و ناموسڵمانەکانیان هەبوو، بەتایبەتی لە ئاواییەکەیدا هەمیشە لە دەورو خولی ئەو گروپانە بوو7. هەموو ئەو خولیاو خەونانەی بەنا، پاڵیانا بەوەوە تا لەنێو هاوەڵەکانیدا بەشێوەیەکی فرە نهێنی رێکخستنێك دروستبکەن و لەوێوە بیرو ئەندێشەی کاری توندوتیژو تیرۆریستیو چەکداریی بەرەو پێبدەن8.ئەو رێکخستنە تایبەتە لە دەساڵی هەوەڵی دروستبوونیدا دەستیانبرد بۆ چەندین توندوتیژیی سیاسیی لە میسردا. دیارترینیان بریتی بوو لە غافڵکوژیی دادوەر ئەحمەد خازیندەر لە ساڵی 1947 دا و هەروەها غافڵکوژیی سەرۆك وەزیران مەحمود نوقرەیشی پاشا لە 1948 دا، کوشتنی سەرۆك وەزیران گوایە بە پاساوی ئەوە بووە، کە بڕیاریی یاساغکردن و تەنگپێهەڵچنینی گروپەکەی داوە9. لەو وەختەدا بەگوێرەی یادخەرەوەی دەزگای هەواڵگیریی ئەمەریکا، ئەوە خەملێنراوە کە گروپەکە دارای حەشارگەی چەك و چۆڵەو نێزیکەی 6 بۆ 7 هەزار پارچە چەکیان هەیە10. گەش و نمای سەربازی گروپەکە لەو زەمینەیەدا بوو کە ئەفسەرە ئازادەکانی کۆدەتا سپییەکەی میسری 1952 ئەوانەی لە پلانی روخانی پادشایەتی میسردا بەشدار بوون بەرە بەرە دزیان دەکردە ناو گروپەکەوە11. رێکخستنە نهێنییەکە نەتەنها پەنای دەبردە بەر غافڵکوژیی کەسەکان، بەڵکو دەستی بردبۆ چاندنی بۆمب و چەندین تەقینەوەی تیرۆریستی12. بەم شێوەیەو بۆ نموونە لە بۆنەی کریسمسی 1945 دا، یانەیەکی بەریتانیان لە میسردا تەقاندەوە،هەروەها لە دێسەمبەری 1946 دا 7 بنکەی پۆلیسییان لە شاری قاهیرەدا تەقاندەوە. دووساڵ دواترو هەر لەقاهیرەدا چەند ماڵ و کۆمپانیایەکی بزنسی جووەکان و چەند سینەمایەکیان لە قاهیرەدا تەقاندەوە13. هاوکات وێستگەی شەمەندەفەری ئیسماعیلییەو شەرقییەو هۆتێل کینگ جۆرجیان لەئیسماعیلییە لە ساڵی 1948 دا تەقاندەوە. لەهەمان ساڵدا پۆلیس هەڵیکوتایە سەر بنکەیەکی نهێنی گروپەکە و لەوێدا دەستیانگرت بەسەر 165 بۆمبدا14. لەپاش غافڵکوژیی حەسەن بەنا لە 1949 دا، حەسەن حودیبی بووە مورشیدی گشتی رێکخراوەکە15 ، ئەو لەپێناو سوککردنی فشارو لێپێچینەوەکانی میریی، بڕیاریدا ئەو دەزگا نهێنییەی رێکخراوەکە کە ئەرکی تیرۆرو کوشتن بوو هەڵوەشێنێتەوە16. لە شەستەکانەوە دیسانەوە رێکخراوەکە خۆی سازدایەوەو بنکەی راهێنانە سەربازییەکانی بە شاراوەیی دەستپێکرد، ئەوان لەم قۆناغەدا ئامانجیان کوشتنی رێبەرە سیاسییەکان بوو، بەتایبەتی لە پلانی کوشتنی جەمال عەبدو ناسردا بوون17. لەم کاتەدا زۆرێك لە رێبەرانی ئیخوان تونڈی زیندانکران، لەوانە حودەیبی توانی لە زیندانەدا هەڵبێت، ئەو بۆ ماوەی 3 ساڵ سزا درا بوو، هاوکات گەورە تیۆریستی نێو ئیخوان سەید قوتب لەگەڵ دووان لە رێبەرە دیارەکانی دیکەدا ساڵی 1966 لە سێدارە دران. ئەو بەردەوام نکولی لەوە دەکرد کە باڵی سەربازی ئیخوان بڕێتییە لە تاکتیکی کارو چالاکی رێکخراوەکە.

داڕشتنی ژێرخانی رێکخراوەکە

پاش هەموو ئەو نکولیکردنە لە بوونی باڵی سەربازیو خەباتی چەکداریی، لە کۆتایی شەستەکان و دەستپێکی حەفتاکانەدا، چەندین ریچکخراوی تیرۆریستی لە ژێر ناو و دروشمی جیا جیادا قوتبوونەوە. لەو رێکخراوانە کۆمەڵی موسڵمانان پێکهێچنرا کە ناوە باوەکەی زیاتر تەکفیرو هیجرە بوو. ئەو رێکخراوە لەلایەن دوو سەرکردەی

دەزگا نهێنییەکەی ئیخوان دامەزرا، ئەوان پاش ئەوەی لە زیندان ئازادکران ئەم ڕێکخراوەیان دامەزراند. ئەوانیش شوکری مستەفا و شێخ عەلی ئیسماعیلی بۆ سەرکردەی ئیخوان شێخ فەتاح ئیسماعیل بوو، ئەو کەسەی کە لەتەك سەید قوتبدا لە سێدارە درابوون18. هەر لەوکاتەدا گروپێکی دیکە کە لەلایەن ئیخوانەوە دامەزرا بریتی بوو لە کۆمەڵی ئیسلامی. ئەم گروپە لە ساڵی 1981 دا بەرپرسایەتی تیرۆری ئەنوەر ساداتی سەرۆکی میسر کەوتە ئەستۆ. ئەو ڕێکخراوانە هەردوکیان لەلایەن ڕێبەرە دیارەکانی ئیخوانەوە دامەزراون و هیچ کاتیش بانگەشەی دابڕانیان لە ئیخوان نەکردووە. ئەنوەر سادات مانگێك پێش ئەوەی تیرۆری بکەن، لە دوا وتاریدا ئەوەی نەشاردەوە، کە ئەندامانی کۆمەڵی ئیسلامی هەمان ئەوانەی ئیخوانن و هەموو ئەوانەن کە لە زیندانیدا قوتاربوون و کەوتوونەتەوە چالاکی و کردەی توندوتیژی19. لە نەوەدەکاندا میسر کەوتە وێزەی ئەو شەپۆلی توندوتیژییەی، کە لە وڵاتدا دەستیپێکردبوو، ئەوان بەردەوام هیچوری نێوخۆیان تێك دەدا و هێرشیان دەکردە سەر دامەزراوەکانی میری و کەمینەی قیبتییەکانیان بە گیرهانی بوو، هاوکات گەشتیارە بیانییەکانیان دەکوشت و دەفڕاندن جگە لەوەیش لە مانگی شەشی 1995 دا وەختێك حوسنی موبارەك لە ئەسیوبیا بوو، پلانی کوشتنیان داڕشت20. هەر لەهەمان ساڵدا ڕێبەری مەعنەوی ئیخوان شێخ عومەر عەبدو ڕەحمانی ناسراو بە شێخی نابینایان، هاوڕێ لەتەك نۆ کەسایەتی دیاریتردا، هەموو ئەوان تاوانبارکران بە پلاندانان بۆ تەقاندنەوەی نێوەندی بازرگانی جیهانی لە ساڵی 1993 دا. لە مانگی 2ی 2017 دا عومەر عەبدو ڕەحمان، لەکاتێکدا لە زیندانی نۆرس کارۆلینا زیندانی هەتا هەتایی بوو، کۆچی دوایی کرد. موحەمەد مورسی لە ساڵی 2012 دا و لە یەکەم وتاریدا وەك سەرۆکی وڵات و لە مەیدانی ئازادی قاهیرەدا بانگەشەی ئازادیی کرد بۆ شێخ عومەر عەبدو ڕەحمان و لەو دەمەیشدا خانەوادەی شێخ لە نێو ئاپۆرای خەڵکیدا بوون.

دیارە گەڵاڵەبوونی ڕێکخستنی نێونەتەوەیی جوڵانەوەکە لەلایەن زاواکەی حسەن بەناوە بەناوی سەعید ڕەمەزان بایەخی تایبەتی خۆی هەبوو21. ئەو ساڵی 1954 هەڵهات بۆ سعودیەو دووات لە ساڵی 1958 دا چووە جنێف و لە ژێر ڕێنومایەکانی موستەفا مەشهوردا ڕێکخستنیکی نێونەتەوەیی دامەزراند. ئەو دامەزرێنەرو دانەری نەخشە ڕێگای داهاتووی ئیخوان و نوسەری جیهاد ڕێگەیە بوو22. ڕێکخستنەکە تا نێوەندی هەشتاکان بەتەواوی نەکەوتبووە کارو چالاکیی، کاتێك مەشهور لە پاش تیرۆری سادات میسری بەجێهێشت، ئیدی لە خۆرئاوای ئەڵمانیادا گیرسایەوە، ئیدی لە ساڵی 1986 دا توانی دەزگا نهێنییەکە لەوێندەر دامەزرێنێت23. ئەم گروپە نەتەنها بەرپرس بوو لە چالاکییە بەرفراوان و گشتییەکانی ئیخوان، بەڵکو هەماهەنگی و هاوکاری هەموو ئەو هێرشانەی دەکرد، کە گروپە تیرۆریستییەکان لەنێو خاکی ئەمریکادا ئەنجامیاندەدا. بەم شێوەیەو بۆ نمونە شەکیب مەخلوف، یەکێك لە دیارترین ڕێبەرەکانی لقی جنێفی ئیخوان، لەهەمانکاتدا سەرۆکی فیدراسیۆنی ریچکخراوە ئیسلامییەکانی ئەوروپا بوو. عەبدو ڕەحیم عەلی ئەندامی پەرلەمانی میسرو پسپۆڕی بواری تیرۆریزم، ئەو بە یەکێك لە ترسناکترین ڕێبەرە تیرۆریستەکانی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکەی ئیخوان نێو زەد دەکات24. بەهەمان شێوە لەسۆنگەی جەنەڕاڵ فواد عەلامەوە، کە یەکێك بوو لەو کەسانەی لەبارەی کردەکانی ئیخووان لە شەست و حەفتاکان کۆڵینەوەی کردبوو، ئەو پێیوایە کە بەپشتیوانی مادی و هاوکاری لقی جنێفی ئیخوان کۆمەڵی ئیسلامی لە میسردا دامەزراوە25.

هەژموون و کاریگەریی دووات

دیارە کاری دیکەی ڕێکخستنە نهێنییە نێونەتەوەییەکەی ئیخوان بریتی بوو لە چەند چالاکییەك کە بۆ خۆیان بە جیهادی مەدەنی باسیان دەکرد، ئەوان دزەیان دەکردە نێو ئەرتەش و سوپاو

دامەزراوەکانی میرییەوەو هەواڵگیرییان لەهەمبەر کارو جوڵانەوەی حکومەت دەکردو بڕەویان بە خەباتی ژێربەژێریی خۆیان دەدا لە ئەورووپا. ئەو زانیارییانە لە شرۆڤەی یادخەرەوەکاندا لە 1991 دا ئاشکرا بوو، ئەوان لە ئامانجی ستراتیژیی ئیخواندا چەندین بەڵگەیان خستبووەروو. لەوێدا ئیخوان نەخشەی بۆ ئەمریکای باکورو بۆ هاندانی تیرۆریزم و بۆ چەندین کارو کردەی تیرۆریستی دارشتووە26. دواتریش و بۆ نوونە لە 2009 دا 5 ئەندامی باڵای ئیخوان بەتۆمەتی پشتیوانی مادی و هەماهەنگی بزووتنەوەی حەماس تۆمەتبار کران. بزووتنەوەی حەماس لقی ئیخوان موسلمینە لە فەلەستین و وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی دەڕەکیی دیاریکراوە. لەڕاستیدا هەشتاو نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو بڕێتین لە دوو دەسالّی گرنگ و بایەخدار بۆ خەباتی مەدەنی ئیخوان موسلمین. بزووتنەوەی حەماس گۆڕانکاری بەسەردا هات، هاتو لە ڕێکخراوگەلێکی خێرخوازییەوە توانی ریشەی بزووتنەوەیەکی جیهادی دابڕێژێت و لە ڕاپەڕینەکانی 1987 تاوەکو 1993 دا ڕۆڵی گەورە ببینێت. ئەم بزووتنەوەیە بووە ریشەیەکی ڕادیکاڵ و سەرچاوە بۆ چەندین کارو کردەی تووندوتیژو تیرۆریستی. ئەوان بوونە سەرچاوەی چەندین ڕێکخراوی جیهادی، کە عەرەبەکانیان وەک جیهادیی دەنارد دەرێ بۆ وڵاتانێکی وەکو ئەفغانستان. لێرەوە ڕەوی جیهادییەکان بە لێشاو ڕوویکردە ئەفغانستان و پاکستان و چونە نێو جەنگی دژ بە داگیرکاریی سۆڤییەت لەو سنورەدا. ئیخوان هەستا بە چێکردنی کۆمەڵەی تایبەت بەنێوی مەکتەبی خزمەتگوزاری لەتەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئیدی ئەم نوسینگانەی ئیخوان کاریان تۆمارکردنی لاوانی ئیسلامی بوو بۆ بەرەکانی جیهاد. بۆ نموونە لە سالّی 1984 دا لە ئەردەن، کەسێکی جیهادی سەر بە ئیخوان بە نێوی عەبدوڵا عەزام نوسینگەی خزمەتگوزاری دامەزراند27. فەلسەفەی عەبدوڵا عەزام زەمینە خۆشکردن و هاوکاریکردن بوو بۆ چێبوون و دەستپێکی جیهادێکی نێونەتەوەیی و گلۆبالّ، ئەو کارەکانی هێند بەرچاو و وسەرمەشق بوون کە بە بابی جیهادی نێونەتەوەیی و گلۆبالّ ناوی دەرکردبوو28، بێگومان فەلسەفەکەی عەزام لە جیهادییەکانی میسرو جەماعەتی ئیسلامییەوە سەرچاوەی گرتبوو، ئەو بووە بناغەی ناردنە دەرەوەی جیهادییەکان بۆ دنیای ئیسلام و بووە نموونەی باڵای کەسێکی وەک ئوسامە بن لادن، چوون وەختی خۆی لە زانکۆکانی سعودییەدا وانەی بە ئوسامە گتبوویەوە29. لەسالّی 1985 دا بن لادن و ئەیمەن زەواهری و عەبدوڵا عەزام پاش ئەوەی بەسەر تیرۆری ساداتدا تێپەڕی بوو، لە میسردا هەڵهاتن و چوونە پاکستان، ئیتر لەوێ نوسینگەی خزمەتگوزاری پاکستانیان

پاش هەموو ئەو نکۆڵیکردنە لە بوونی باڵی سەربازی و خەباتی چەکداریی، لە کۆتایی شەستەکان و دەستپێکی حەفتاکاندا، چەندین ڕێکخراوی تیرۆریستی لەژێر ناو و دروشمی جیاجیادا قوتبوونەوە. لەو ڕێکخراوانە کۆمەڵی موسڵمانان پێکهێنرا کە ناوە باوەکەی زیاتر تەکفیرو هیجرە بوو

دامەزراند. دووابەدووای ئەوە نوسینگەکە بە کاوە خۆ بووە بناغەی رێکخراوی قاعیدە. لەهەمانکاتدا نوسینگەی عەمانی ئیخوان کە لە چوارچێوەی نوسینگە خزمەتگوزارییەکان بوو ، یەکێک لە ترسناکترین تیرۆریستەکانی هێنایە پێشێ بەنێوی ئەبوو مەسعەب زەرقاوی30. ئەو لەلایەن یەکێک لە رێبەرە پێشووەکانی ئیخوان بەناوی ئەبو موحەمەدی مەقدیسی ئاراستە کرابوو. لەساڵی 1999 زەرقاوی رێکخراوی تەوحیدو جیهادی دامەزراند. رێکخراوەکە دووای 6 ساڵ وابەستە بوو بە قاعیدەوە، دووای ئەوەی زەرقاوی پەیمانی دابوویە ئوسامە لە

کۆتایی 2004 دا. پاش ئەوەی زەرقاویش لە 2006 دا کوژرا، ئیدی وردە وردە گروپەکەی زەرقاوی خۆی لە گروپی داعشدا بینییەوە. لە راستیدا لە دیدارێکی تایبەتی کەناڵی عەرەبییە لەتەك یوسف قەرزاوی لە 2014 دا، راستەوخۆ قەرزاوی دانی بەوەدا نا کە بەڵێ ئەبوو بەکر بەغددی پێشتر ئەندامی ئیخوان موسلمین بووە31. هاوکات چەندین ئەندامی باڵای ئیخوان بۆخۆیان دانیان بەوەدا نابوو، کە پشتیوانی خۆیان بۆ داعش دووپاتدەکەنەوە لەوانە شێخ وەجدی غەنیمی کەسایەتی دیاری قەتەر32.

لە راستیدا سروشتی قاعیدەو پەیوەندییەکانی لەتەك ئیخواندا تا ئەندازەیەك ناروونە. زەرقاوی لە لێدوانەکانیدا ئەوەی خستە روو کە ئوسامە لە هەشتاکاندا پێوەندی لەتەك ئیخوان تێك چووە، چوون جیوازی لە بۆچوندا هەبووە لەمەڕ هەڵمەتی دژ بە سۆڤییەت لە جەنگی ئەفغانستاندا، بەڵام کەسێکی وەك سروت خرباوی کە ئەندامێکی فرە باڵای ئیخوان بوو، وەلێ پاشتر بە هۆی جیاوازییەکانی جودا بوویەوە، ئەو لەبایەخی ئەوە کەمدەکاتەوەو دەڵێت بەردەوام ئیخوان و قاعیدە هەماهەنگییان هەیەو دەستیان تێکەڵە33.

بۆئەوونە پاش ئەوەی لەماگی 7ی 2013 مورسی لە تەختی دەسەڵات هێنرایە خوارێ، راستەوخۆ زەواهری کاسێتێکی ڤیدیۆیی وەشانکردو تێیدا رەخنەی تۆندی لە سەلەفییەکان گرت، کە نەبوونە پشتیوانی ئازادی ئیخوانەکان و هەوڵەکانی پارتی داد و گەشە بۆ گەڕانەوەی شەریعەت34، هەروەها لە راگەیەنراوێکی دیکەی زەواهری هاتبوو کە رەخنە لە سەرۆکی لەسەرکار لادراوی میسر دەگرێت بۆ ئەو گەمە سیاسییەی کە لەگەڵ بەرهەڵستکارانی کردی35، بەڵام دووواجار زەواهری پشتیوانی خۆی بۆ ئازادی مورسی دەربڕی و دژ بە هەمو گروپە هەواڵگیرییەکانی ئێران و حزبوڵڵا و سوپای پاسداران ئاخاوتنی دا36.

پارتی سیاسیی یان گروپی جیهادی

دیارە پێداگری بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئۆباما بۆ ناساندنی ئیخوان بە رێکخراوێکی میانەڕەو و هەروەها هەوڵانیبۆ دادگاییەنکردنی مورسی شتێکی نالۆژیکی بوو، نە لەبەر ئەوەی ئیخوان بەردی بناغەی ترسناکترین گروپە تیرۆریستییەکانی جیهانە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەم هێزە نە خۆشییەکی درێژخایەن و شێرپەنجەی تەشەنەی تیرۆرە. چوون ئیخوان لە ئەجێندایدا گەڕانەوەی خەلافەت لە رێگەی جیهادی تۆندوتیژەوە بوونی هەیە.ئیخوان دەستبەرداری ئامانجی بونیادی خۆی بوو، ئیدی هەموو

ڕێگەیەك لەپێناو مانەوەی دەگرێتە بەر. لەسەرەتاوە حەسەن بەنا چەمکە جیهادی و سەربزیيەکانی لە بونیائیخواندا شۆڕن کرەو بەنێوی کەتیبەکانی خوداوە نێوی بردن37، ئەو دەستەواژانەی لە هەوێنی فەرمانبەرداری مورسیدا هەستیان پێدەکرا. هەربۆیە ئەندامانی ئیخوان لەئاستی سەرێ دەست دەبەن بۆ تووندوتیژی و جیهادو لەم بارەشەوە دیارترین نمونەی ئێستە عەبدول مونعیم عەبدولفتوحە38، هەروەها ئیخوان رۆڵی هەبووە لە هێشتنەوەی ڕێخراوگەلی نهێنی لەنێو میسردان بۆنموونە لیوای نهێنی 95 کە ساڵی 1995 دامەزرابوو، لە ئاژاوەکانی سەروبەندی رووخانی موبارەکدا لە 2011 رۆڵی دژواریان لە کردەی تووندوتیژیدا بینی39. لە زنجیرە دیدارێکی کەناڵی جەزیرەدا لەتەك ئوسامە یاسینی وەزیری پێشووی کابینەکەی مورسی ئەوەی ئاشکراکرد، کە ئەندامانی ئەو لیوایە رۆڵیان بینیوە لە رفاندن و کوشتن و کاری تێکدەرانەدا40. رۆژنامەیەکی میسری دەیخواست لەبارەی ئەوکارانەوە رونکردنەوە بدرێت، بەڵام ئیخوان بە شۆخییەوە وەڵامی خواستەکانی نەدایەوە41.42. زۆرێك لەو ئەندامانەی لیوا نهێنییەکەی ئیخوان رۆڵی کوشت و بڕیان گێڕاوەن بۆنمونە لە 2014 دا دووان لەوانە دادگایکران بەتۆمەتی خستنە خوارەوەی لاوێك لەسەر باڵەخانەیەکەوە، ئەم بەڵگەیە لە بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆکەیدا بەڕوونی دیاربوو43. بەگوێرەی پێڕەوی نێوخۆی ئیخوان ئەوان دارای 10 بنەمای چەسپاون کە شیاوی گۆڕانکاری نیین44. چوارەمی ئەو بنەمایانە بریتییە لە باوەڕی جیهاد و شەهیدیی. لەو باوەڕەدا جیهاد ئەرکی سەرشانی تاکی موسڵمان و گروپ و پارتە ئیسلامییەکانە45. لەم میانەدا بەشێك لە شارەزاو ئەکادیمیانی ئەمریکا لەم پرسەدا یان بەرژەوەندی مادییان هەیە یاخۆ چاوپۆشیی لەو هەڵە دیارو زەقانە دەکەن، بۆنمونە پەیمانگای بروکینگی ئەمریکی ئەمریکی لە شرۆڤەی بەندی چوارەمی میتۆدی ئیخواندا باس لەوەدەکات لەکاتی پرۆسەی دێموکراسی و ئازادی ڕێژەیدا، پێویستە ئیخوان پابەند بێ بە بنەما دیموکراتییەکانەوە46. لە راستیدا ئەم نەزمە وانەبوو کاتێ مورسی چووە سەرتەخت پانتاییەکانی ئازادی کورتکردەوەو47 فشارەکانی زیادی کردو رەوشێکی نادیموکراتی خولقاند تاوەکو هێنرایە خوارێ48.

ریفۆرمخوازە ئیسلامییەکان

ئیخوان وەك ئەوەی ریشەی هێزە بناژۆکانەو عەش لە دەرهاویشتەیدا بوو، ئیدی پاش ئەو ڕەوشە وەحشەتناکە ڕەوتێکی ئیسلامگەرای جیاواز لە ئیخوان چێبوو کە لەرووی جەماوەرییەوە بەخێرایی شۆڕنی بووەتەوە و هاوکات بە ئەندازەیەك کرانەوەی بەڕووی خۆرئاوادا تێدابوو. بۆ نموونە ئیسلام بحیری یەکێك لە سەرکردە هەڵکەوتوەکانی ئەو جوڵەوانەبوو کە لەسەر دەربڕینەکانی لەسەر ئەزهەر و قسەکردن لەسەر نەزمی ئیسلامگەرایی لە تەلەفزیۆندا بڕیاردرا بۆ ماوەی ساڵێك زیندانیی بکرێت49. ئەو بۆ چوار ساڵێك لە تیقییەکانەوە قسەی لە سەر تونددڕەوی و تانەی لە و ئیسلامە چەقبەستووە دەدا کە بوونی لە ڕەوگەی سوننیەکاندا هەیە، هەروەها باسی لە ئیسلامی ئازادیخوازی و شۆڕشگێڕی دەکرد و لەگەڵ جودابوونەوەی مزگەوت و دەوڵەتدا بوو. ئەو لە دێسەمبەری 2016 دا کەوتە بەر لێخۆشبوونی سەرۆکایەتییەوە، ئەمەیش لە مێژووی میسردا بڕیارێکی دەگمەن بوو. یەکێکی تر لە پشتیوانانی ریفۆرم و ئازادی هزر و ڕۆشنگەریی بریتییە لە ئیبراهیم عیسا، ئەو شرۆڤەکارێکی جەماوەردۆستی میسرییەو سەرنوسەری ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆی میسرییە بەنێوی (المقال). ابراهیم عیسا لە دەستپێکی ئەم ساڵەدا رایگەیاند کە وازیهێناوە لە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکەی، چوون لەلایەن وڵاتی سعودییەوە فشاری فرە کراوەتە میسر، چوون ابراهیم بەردەوام هێرشی کردووەتە سەر رادیکاڵییەتی وەهابی و ڕەوگەی چەقبەستووی هۆزگەرایی لەنێو ئیسلامگەراکاندا50. هەڵوێستە ریفۆرمیستییەکانی ئیبراهیم عسا لە هەمبەر تیرۆریستەکاندا فرە قورس و تاڵن، ئەوان لە 1992 وە ئەویان خستووەتە لیستی کوشتنەوە، هەربۆیە ئەم پیاوە

بەردەوام ھا لەژێر چاودێرییەکی تونـدی ئاسایشـییدا. نەیارییەکـەی بـۆ ئیخـوان موسـلمین و بەرھەڵسـتییەکانی ئەویـان کردووەتـە بابەتـی فەتواکانیانـو لێرەو لـەوێ و لـە پلاتفۆرمـی ئاینییانـەوە وەك کافرێـك نـاوی دەبـەن51. قەمیانیش یەکێکی دیکەیە لـەو ریفۆرمخـوازە مەزنانـەی دونیـای ئیسـلام لـە میـسردا، ئەویـش بـۆ بـاوەڕو دیـدو سـەرنجە بوێرەکانـی ڕووبـەڕووی زینـدان و ئەشـکەنجەو فەتـوای کافربـوون بووەتـەوە. ئـەو پێیوایـە کـە شـۆڕشێکی وەکـو زانکـۆی ئەزھـەر لەگـەڵ ڕێکخراوێکـی تیرۆریسـتیدا جیـاواز نییـە، ھەمـوو ئـەم کەسـایەتییانە کـە جوڵانەوەیەکـی نوێـن و جەمـاوەری بەرینیـان ھەیـەو تەنگیـان بـە تەوژمـی رادیکاڵـەکان ھەڵچنیـوە، ھێشـتا لەسـەر ئاسـتی خۆرئـاوا نـاسراو نیـن و نەبوونەتـە شـۆڕش بایەخـی ئـەوان52. بەرنامـەو میتـۆدی کاری ئیخـوان لـە خۆرئـاوادا بەتـەواوی ھەژمـوون و ڕاسـتییەکانی ئـەم جوڵانـەوە ریفۆرمخوازییـەی پەراوێـز خسـتووەو سـەرنجی خۆرئاواییـەکان تەنـێ لەسـەر ئیخوانە،ئەوانیـش بـە میکانیزمـی فریودەرانـە خۆیـان وەك ڕێکخراوێکـی شـلرەو ھەژمـاردووە.

ئەنجامگیریی

ئیخـوان وەك ھێزێکـی بناژۆخـواز لـە چێبونییـەوە و ھـەر لـە سـەردەمی جەوانییەتـی حەسـەن بەنـاوە دەسـتی بردووە بـۆ بەرنامـەو بـاوەڕی رادیـکاڵ و کـردەی تونـدو تیـژ، بەتایبەتـی لـەو قۆناغـەدا کـە کەوتبوونـە مەتەرێـزی دییـان و مەسـیحی و ئـەو موسـڵمانانەی کـە شـێوە نەمییەکیـان تێدا بەدیدەکـرا. ئیخوان بەرپرسـە لـە دامەزراندنی حەمـاس وەك لقێکـی ڕێکخراوەکـە لـە فەلەسـتین، ھـاوکات سـێ لـە سـەرکردە دیارەکانیـان بەشـداربوون لـە دامەزراندنـی ڕێکخـراوی تیرۆریسـتی قاعیـدە دا، ھەروەھـا سـەرکردەکانی ھـەر لـە زیندانـەوە برشـیاری دامەزراندنـی کۆمەڵـی ئیسـلامی و جیھـادی ئیسـلامی میسریـان دا. ئـەوان دامەزرێنـەری تەوحیـدو جیھـادن، ھـەر ئەوانەیـش بـوون کـە ئێسـتە بانگەشـەی خەلافـەت دەکـەن لـە دەوڵەتـی ئیسـلامیدا و ھـەوەڵ ئەزموونـی خۆشـیان بـە وەشـانکردنی ڤیدیـۆی پەڕاندنـی سـەری نەیارانیـان دەسـتپێکرد، ھەروەھـا پەیوەندییـان بـە چەندیـن ڕێکخراویـترەوە ھەیـە کـە ھـان لـە لیسـتی ڕێکخـراوە تیرۆریسـتییە دەرەکییەکانـی نـاسراو لەلایـەن ئەمریـکاوە. لـە راسـتیدا ھەڵمەتـی ڕووبەڕووبوونـەوەی تیرۆریـزم لـە ھیـچ کاتێکـدا ناتوانێـت سـەرکەوتوو بێـت، تاوەکـو ھەڵمەتێـك نەبێـت ڕووبـە ھـزرو ئایدیـای چەقبەسـتوو، تاوەکـو نەتوانێـت ھەمـوو ئـەو پـەردە سـاختەو مەکراویـان ڕاماڵێـت، کـە ھـان لەسـەر ناخێکـی ژەنگخـواردوودا. خۆرئـاوا ھەتاوەکـو ئیخـوان وەك ڕێکخراوێکی تیرۆریسـتی نەناسـێت، ناتوانێـت لـە مەترسـییەکانی ھێـزی ڕادیـکاڵ وبنـاژۆ قوتـاری بێـت. ئەمریـکا تاوەکـو نەکەوێتـە مەتەرێـزی ھێـزو ھێـما نەرمخوازییەکانـی ئیخوانـەوەو بەدروسـتی نەیانخوێنێتـەوە لـەم پـرۆژە دا سـەرکەوتوو نابێـت. ئیخـوان بـە ئاشـکرا جـارێ ئـەوەی داوە، کـە خۆرئـاوا سـەرزەمینی بـێ بـاوەڕی و گۆڕەپانـی ھێـزی شـەڕو دار ولکوفـرە، ئـەم گوتـارە لـە میتـۆدی ئیخوانـەوە بـۆ نزکـەی سـەد سـاڵ دەبێـت جەختـی لەبـارەوە دەکرێتـەوەن ئـەم گوتـارە لـە میتـۆدی ئیخوانـدا گوتارێکـی دانەبـڕواوەو بەردەوامـی ھەیـە، ھێـزی ئیخـوان لـە ئێسـتادا شـۆڕبووەتەوە بۆنێـو کایـە زیندووەکانـی تیـرۆر، ھەشـتا سـاڵی ڕەبـەق تێپەڕیـوە تاوەکـو ئـەوڕۆ کـە لوتکـەی وەحشـەتناکی تیـرۆر خـۆی لەداعشـدا دەبینێتەوە،ھیـچ بازەنـو پێنـاو و پارتێکـی ئیسـلامی رادیـکاڵ نەبـووە لینکێکـی لەتـەك ئیخوانـدا گرێنەدابێـت، ھیـچ کەسـایەتییەکی جیھـادی نەبـووە، کـە بەجۆرێـك لـە جـۆرەکان زارۆی نێـو منداڵدانـی ئیخـوان نەبێـت، گرفتـی سـەرەکی ئیخـوان لـە میتۆدایـە، میتۆدێـك ھـەم لـە بەرگـی ناوچەگەرییەتـی عەرەبیـدا، ھەمیـش لەبەرگـی بناژۆخـوازی و تیـرۆردا، تەنانـەت زۆرێـك لـە چاودێـران پێیـان وەھایـە کـە بنچینـەو ھەوڵـی ئیخـوان بـۆ مەبەسـتێکی دیاریکـراوە کـە ئەویـش فەلسـەفەی وێرانـکاری و کوژانـەوەو خاپورکردنـە، فەلسـەفەی کوشـتن و بڕیـن و تیـرۆر لـە ھەنـگاوی یەکەمـی ئیخوانـدا ھەبـوو، ئـەو فەلسـەفەیەی ڕۆژێـك سـینەماکانی ئیسـماعیلییەی ئاگـر تێبـەردەدا و ڕۆژێـك لـە نـاو کۆمەڵگـەی جووەکانـەوە حاخامێکـی سـەردەبڕی و ڕۆژێکـی دی گـڕی

لە کڵێساکانی قاهیرە بەردەداو یان لاوێکی قیبتی بە کوژراوی لە گۆشەی شەقامێکدا دەدۆزییەوە، ئەم فەلسەفەیە درێژەی هەبووەو لقەکانی بۆ زیاد لە حەفتا وڵاتی عەرەبی و ئیسلامی و خۆرئاوایی درێژبووەتەوە. ئەم فەلسەفەیە ئێستەیش لەهەموکات زیاتر زیندووەو خۆی لە کوشتارگەکانی رەقەو موسڵ و حەلەب و کۆبانێدا دەبینێتەوە. چاودێران لە هەڵسەنگاندنی ئیخواندا لەو کۆڵینەوەی سەرێشدا راستییەکیان لا گەڵاڵە بووە، کە ئەویش ئەوەیە ئایا ئەم هێزە بەرنامەیەکی پێیە بۆ دەوڵەتداری و ژیان، چوون ئەم ئەزموونە لە حوکمی چەند مانگەی مورسیدا وێنایەکی دزێوی نیشاندا، وێنایەك بەزوویی بوونی دەیان ساڵ حوکمی پڕ ئیستیبدادی موبارەکی شیرین کرد، ئەمە ئەو گریمانەیە زاڵتر و بەرچاوتر دەکات، کە پێماندەڵێت ئیخوان بەرنامەی بونیاد نانی پێنییە، بەڵکو عەقڵی بونیادگەرای پێیە، ئیخوان مۆرکی ئاوەدانی و موئەسەساتی ناناسێت، ئیخوان هێزێکە بۆ سەدەیەك دەچێت نهێنییەو ژێر بەژێرە، لەکاتێکدا بەمیانەڕەو خۆی دەناسێت، ئەدی بۆ لە ئەزموونی هەشتا ساڵدا ئەم هێزە میانەڕەوە نەیتوانی بێتە نێو کایەی سیاسی و داریك لەسەر بەردێکی وڵاتانی عەرەبی دابنێت، گریمانەکە لێرەدا تەنها شتێکە، شتێك کە پێماندەڵێت ئیخوان کارەکتەرێك دروستدەکات، کە وابکات مرۆڤ لە ژیان رابکات، ئەوان کە بەرنامەیەکیان پێنییە بۆ ژیان، مانای ئەوە نییە کە هیچ نییەن، بەڵکو بەرنامەیان هەیە بۆ تێکدان و کوشتن، بۆیە زۆرجار دەستیان دەچێتە خوێنی خۆشیانەوە، هەربۆیە چاودێران دەڵێن هیچ هێزێکی دنیان هێندەی ئیخوان وای لە مرۆڤ نەکردووە، کە خۆ کوژی بکات، خۆکوژی لە فەلسفەیە ئیخواندا ماناکەی تەنها تێکدان و هەڵهاتن و بەرگەنەگرتنی ژیانە، بونیادگەراکان ناتوانن وێنای هەزار ساڵی گۆڕانکاری بکەن لە پاش پێغەمبەر و بۆیە توشی کەڵچە شۆك دەبن و بەرگە ناگرن. لەبەر ئەوە لەم کۆڵینەوەیەدا بەوردی ئەوە روونکراوەتەوە کە چلۆن ئیخوان بووەتە کانگای کارای تیرۆریزم و چۆنیش خۆی لەبەندو باوە دیموکراتییەکان دەپەڕێنێتەوە، ئەوەیش روونکراوەتەوە کە لینکی تەواوی هێزە تیرۆریستییەکان مەرجەع و میراتەکەی لە ئیخوانەوەیە و ئیخوان خاوەنییەتی. دوواجار ئەم کۆڵینەوەیە ئەو راستیەمان پێدەڵێت کە بەڵێ ئیخوان لوتەلایە لەگەڵ ژیان و مەدەنییەت و ئاوەدانی و پێکەوەیی و هەموو ئەو چەمکە جوانانەی کە ژیانی ئەمرۆیان رازاندووەتەوەن ئیخوان لە نێو دەماریدا تۆندرەوی هەیەو هەر رۆژەی دەماریکی لەسەر زەمینی ئەم وڵاتە ئیسلامییە بندەستانەدا دەتەقێت، جارێ لە فەلەستین و جارێك لە ئەفغانستان و جارێکیش لە ئێراق و ئەورۆیش لە سوریادایە. سەبەینێش دەکرێت لە بەشێکی دیکەی ئەم نێوچەیەدا بێت کە پێیدەوترێت رۆژهەڵاتی ناوەراست، بەدڵنیایشەوە پریشکی ئەو دەماری تۆندرەوییە جار جار سەردەکێشێت بۆ خۆرئاواو ئەمریکا.

بەشی چوارەمی پڕۆژەی 100 نامیلکەی فکری و فەلسەفی دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

سلێمانی
-گردی سەرچنار- نزیک کۆمەڵگەی بەهاران
07709556990 - 0533220180

www.ideafoundation.co
ideafoun@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea

نوێترین کتێبەکانی دەزگای ئایدیا







سلێمانی
-گردی سەرچنار- نزیک کۆمەڵگەی بەهاران
07709556990 - 0533220180

www.ideafoundation.co
ideafoun@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea